کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-12-2007 0:19

## ئاگاداریەک لەچاودێرێکی فیستیڤاڵی گەلاوێژەوە...مەلا بەختیار لەبری بەختیار عەلی شیعر هەڵئەسەنگێنی!!! ... کاوە شێخ عەبدوڵا

وەك لای هەموتان ڕون وئاشكرایە هەموو ساڵێك دەرچوانی فیستیڤاڵی گەلاوێژ لەدۆست وئەحیبابەكانی مەلا بەختیارو یەكێتی ن و ئاشنای شەخسی مەلا بەختیاری وەرزش وان ورۆشنبیرو لێكۆڵەرە وتەنانەت ورد ترین حساب بۆ كوتلەكانی نێو یەكێتیش ئەكات بەنێوی ڕۆشنبیریەوە. هەربۆیە دابەشكردنی خەڵاتەكانیش بەڵگەی ئەم ڕاستیەن. بەندە وەك چاو دێرێك نزیك لە لیژنەی بەرێوەبەرانی فیستیڤاڵەكەوە حەز ئەكەم چەند ڕاستیەك بۆ بەشداربوانی فیستیڤاڵو سەرجەم ڕۆشنبیران بخەمە ڕو.

1. هەر لەگەڵ تەواو بوونی خوێندنەوەی دەقەشیعریەكاندا كە زۆرینەی قسەو باس لەسەر یەك دودەقی شیعری بوو كەجیاوازتر بوو لەدەقەكانی ترو بەباشی لەلایەن ئامادەبووانی فیستیڤاڵەكەوە هەڵسەنگێنرا مەلا بەختیار یەكێك لەئەندامانی لیژنەكەی بانگ كردو پیی وت ئەو دووانە (واتە ئەوانەی شیعرەكانیان باش هەڵسەنگێنرا) بخەرە نێو لیستەكەوە. دیارە لیستەكەش لیشتی ڕەشە ئەویش ئەكاتە ئەو كاسانەی ناچنە ناوبازنەی ئەو كەسانەوە خەڵاتە كە شمولیان ئەكات.
2. دوای بانگەشەو ڕیكلام كردنی مەلابەختیار بۆ (ڕۆژ هەڵەبجەیی وئاری عەبدوللەتیف) هیچیان قەێیدەكانیان شایستەی فیستیڤاڵ نەبوون نەك خەڵات. ڕۆژ بە مەلا بەختیار ی وت ئەمساڵ ئاگایەكت لێمان بێت!ئەمساڵ وەك پارم لێنەكەیت!!مەلا بەختیار لەوەڵامداوتی من كەی تۆ م بێبەشكردوە؟!خەمت نەبێت بێبەشت ناكەم!!
3. كاتێك لیژنەكە بەتێكڕای دەنگ هاوڕابوون لەسەر دابەشكردنی خەڵاتەكان بەمشێوەیە (هەردی شەفیق خەڵاتی یەكەم وگۆران ێدیق ومەهدی زریان خەڵاتی دووەم وئاوێزان نوری وژوان پێنجوێنی خەڵاتی سێهەم) مەلا بەختیار هیستریاكەی گرتی وئەنجامەكانی گۆڕی بەم شێوەیەی خوارەوە (كەهەمویان سەربەیەكێتین) !خەڵاتی یەكەم بۆ ژوان پێنجوێنی بەشداربووی خەڵاتی ڕێكخراوی ئازادی لاوان كەپێشتریش بە واسگە كرابەیەكەم وبەهۆی یەكێتی بونیەوە. خەڵاتی دووەم بۆ ئەیوب ئەحمەدو ێدیق عەلی كەهەردویكیان سەربەدەزگانو خەڵاتی سێهەم بۆ ئاری وڕۆژ كەسەرجەم بەشداربووانی فیستیڤاڵەكە باسیان لەم دوانە ئەكرد بەهۆی نزیكی لەمەلا بەختیارەوە. سەرەڕای ئەوەش كە لەگەڵ ڕۆژ مامەڵەیان بڕاندبوەوە هێشتا بە ئەنجامەكە ڕازی نەبوو بۆیە پێش فیستیڤاڵەكە وەك عادەتی هەمیشەیی تۆراو نەهاتە فیستیڤاڵەكە واتە پێش فیستیڤاڵەكە هەموان لەئەنجامەكەی ومعامەلەكردنەكە ئاگاداربوون!!كەنابێت كەس ئەنجام بزانێت.
4. میوانانی فارسو تورك وعەرەب بەئاشكراو ڕۆژی ڕوناك لاقرتیان بەفیستیڤاڵەكە ئەكرد سەرەڕای ئەوەی دەمیان چەوركرابوو وەك یەكێك لەبەشدار بووانی فیستیڤاڵەكەش لەسەر لاقیتەكەوتی بووبوو بەحەشری نێرەكەر!!

مەلابەختیار عەینەنكوێخای دیوەخان ڕوشكێنی ئەوانەی ئەكرد بچوكترین موداخەلەو ڕەخنەیان هەبووایە و بەكەیفی خۆی بەرنامەی فیستیڤاڵەكەی ئەگۆڕی سەمەرەش ئەوەبوو ئەوەی زۆرترین كوفریئەكرد زۆرترین ڕێزی لێئەگیرا !!!!

5-جگەلەبێبەرنامەیی وبەشدارینەكردنی خەڵكێكی زۆر لەوانەی دەعوەتكرابوون پربوو لەشیعرو چیرۆكی كاڵو كرچو زۆرینەیان دەت وت لەبەریەك نوسراون ویەكێتی بوون وئاشنایەتیش باشترین پێوەربوو نەك جوانی شیعرو چیرۆك ولێكۆڵینەوە سەرجەم خەڵكی شارەزای نێو فیستیڤاڵەكەش بەئاشكرا قسەیان لەسەر ئەونایەكسانیە هەبوو كەمەلا بەختیار بەپێوەرەكەی خۆی پێوابووی ووەك شكاندنی وەرگێڕەكانی لپێشچاوی خەڵكدا قسەی لیژنەكەشی خستە ژێرپی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.